# ڕوونکردنەوەیەک لەسەر کێشی پێک (وزن عروضی)

ڕەحمانی غەفووری (ڕامان)
(سەقز)

دیارە لە شیعری کلاسیکدا کێشی پێک بە یەکێک لە خۆشترین جۆرەکانی کێش دادەندرێ و خاوەن گرینگییەکی زۆرە، بۆیە بە پێویستم زانی ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەم جۆرە کێشە ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە پێیان وایە کێشی پێک (وزن عروضی) لە عەرەبەوە بە ئێمە گەیشتووە!!

دیارە ئەم جۆرە ڕوانینە لە نائاگایی و باش نەناسینی کاکڵی کێشە عەرووزییەکان و هەموو ڕەهەندەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە ئاگاداربوون لە هەموو کەلێن و قوژبن و ڕووە نادیارەکانی، ئەم گومانە بە ئاسانی دەڕەوێتەوە کە ئەم کێشە شیعرییە تەنیا کێشی شیعر و ئاواز و گۆرانیی عەرەب نەبووە و نییە.

لەم کێشە شیعرییەدا بە پێچەوانەی کێشی پەنجەیی کە تەنیا ژمارەی بڕگەکان گرینگن، چۆنیەتی بڕگەکان لە باری کورتی و درێژی و ڕێکوپێک چنینیشیان لەپاڵ یەکتردا گرینگە و لە هەموو جۆرەکانیدا فۆرمۆلی تایبەت بەو جۆرە ڕەچاو دەکرێت و یاسای تایبەتیش دەیگرێتەوە.

ئێمە ئەگەر بە وردی لێکۆڵینەوە لەم کێشە بکەین، دەبینین لە زمانی کوردیدا، تەنانەت بێ دارشتنی زانستییانەش بە زۆری و بەرفراوانی شوێن پێ و ڕەچەڵەکی ڕیتمی عەرووزی بووە و هەیە و دەشبێت.

زۆرینەی هەرە زۆری قسە ئاساییەکانی ڕۆژانەی ئێمە وەک: چۆنی(فع لن)، چۆنی برا (مفتعلن). زۆر سپاس (فاعلن)، بۆ کوێ دەچی (مستفعلن) بۆ دەرودەشت (فاعلاتن)، یان (مفتعلن)، بە خۆشی (فعولن)، بە خۆشی چیت (مفاعیلن) و... تاد.

هەموویان لە پایە جیاوازەکانی عەرووزین بێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێک لە پێکهاتەیاندا کرابێت، لە حاڵێکدا ئەم

تایبەتمەندییە لە هەموو زمانەکانی تری دنیادا نییە.

هەروەها زۆر کێشی عەرووزی هەیە هیچ شیعرێکی عەرەبی پێ نەنووسراوە، بەڵام لە کوردیدا وێڕای کێشی پەنجەیی لە نێو ئاواز و گۆرانی و هۆرە و بەیت و لاوک و حەیران، تەنانەت لە نێو قسەی ئاساییشماندا ڕەگ و ڕەنگدانەوەی هەیە.

گۆرانیی ڕەسەنی"دینێ مەرۆ دینێ" کە حەسەن زیرەکیش وتوویەتییەوە و لە ڕاستیشدا کێشی شیعرەکەی بڕگەییە، لە چەند شوێنێکدا، بە تایبەتیش لە ئاواز و ڕیتمدا بە تەواوی دەچێتەوە سەر کێشێکی عەرووزی لەم جۆرە: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن مفعولن)

گۆرانیی ڕەسەن و فۆلکلۆری "یەزن یەزن" ڕیتمەکەی دەچێتەوە سەر کێشێکی موتەناوبی عەرووزی: (فاعلن مفتعلن فاعلن مفتعلن) و سەدان نموونەی تریش.

هەروەها لە کوردیدا بە پێچەوانەی عەرەبی دەکرێت لە یاسای عەرووزی لابدەین، یاسای نوێی بۆ دابڕێژین و کێش و ڕیتم و ئاهەنگی نوێتریش بە خەزێنەی ئاواز و هۆنراوە و ئەدەبی کوردی زیاد بکەین، بۆ نموونە من خۆم "پایە" گەلێکی وەک "فع" کە لە عەرووزی عەرەبی و فارسیدا تەنیا لە کۆتایی خشتە و بەیتدا دەهێنرێن لە جێگەی تریشم هێناون و زۆر کێشی نوێ و جیاواز و خۆشریتمی دیکەشم پێ ئافراندوون کە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەکی دەکەم:

فع مفاعلن فع، فع مفاعلن فع
فع مفاعلن مفاعلن فع
فع مفاعلن مفاعلن فعولن
فع مفاعلن مفاعلن مفاعلن فع
و...

**تۆ! کە ڕادەماڵی گەردی خەم لە دڵ بە جارێ**
**بێ! لەسەر چیای هەمیشە سەربەتەم بباریێ**

"ڕامان"

جا بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت بڵێین کاکڵی کێش (ئاهەنگ و ڕیتمی)ی عەرووزی تەنیا موڵکی عەرەب، یان داهێنانی ئەوان بووە و لەوێشەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و فارسییەوە، بەڵکو عەرەبەکان تەنیا بە زمانەکەی خۆیان یاسایان بۆ شتێک داڕشتووە کە بووە، هەم لە زمانی عەرەبی و هەم فارسی و هەم کوردی و ڕەنگە زمانەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا کە بەداخەوە من ئاشناییم بەو زمانانە نییە تا ئەوانیش پشتڕاست بکەمەوە.

تەنیا شتێک کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بیڵێین، ئەوەیە کە عەرەبەکان بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر لە ئێمە بەمشوورتر بوون و لە پێش ئێمەدا یاسایان بۆ شتێک دەرکردووە کە بووە و بەم جۆرە بە ناوی خۆیانەوە تاپۆیان کردووە.

هەروەک پێشتریش وتم، ئەم جۆرە کێشە ڕەگی لە شیعر و ئاواز و گۆرانی، تەنانەت قسەی ئاساییشماندا هەیە و تەنیا بە هۆکاری ئەوەی بە عەرەبی یاسای بۆ داڕێژراوە و بە "افاعیل" هاتووە بە عەرەبی نابێت، هەموو ئەو ڕوکنانەی بە "افاعیل" هاتوون لە کوردیشدا زۆر بە ئاسانی و بە تایبەتمەندی کوردیشەوە لە باری جیاوازی نێوان بزوێن و بڕگە کورت و درێژەکان و شوێنی جیاوازتری پایەکانیشەوە دەتوانین بیانهێنین:

مفاعیلن هەمان "بەچاوانت"ـە
فاعیلاتن هەمان "چاوەکانت"ـە
فعولن هەمان "بەچاوان"ـە
فاعلن هەمان "چاوەکان"ـە
فعلاتن هەمان "چەمەکانت"ـە
فعلن هەمان "چەمەکان"ـە
فع لن هەمان "چاوت"ـە
و...

جا بۆیە دەبێ زۆر بە گرینگییەوە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیش لەبەرچاو بگرین و بەو پێیەش لە زۆر شوێندا یاسای نوێی بۆ دابڕێژین

چون وەک ڕای تاکەکەسی خۆم بەو باوەڕە گەیشتووم نە یاساکانی خەلیلی کوڕی ئەحمەد فەراهیدی لەگەڵ عەرووزی کوردیدا بە تەواوی دەگونجێن، نە ئەوانەی پاشتری وەک عەرووز و قافییەی سیروسی شەمیسا و نە ئەو وەرگێرانانەش کە تا ئێستا بە ناوی عەرووزی کوردییەوە نووسراون پڕ بە پێستی زمانی کوردین.